# پێرست


پێشەكی....................................................5
دەروازە:....................................................9
محمد ئەرەگۆن و عەلی حەرب و نصر حامد ئەبوزێد ........................12
چۆن لە قورئان دەڕوانن؟! ..........................................12
یەكەم.......................................................13
بانگاشەی مێژوویەتی (دەقی) قورئانی ..................................13
دووەم: ......................................................16
بانگاشەی "ئەفسانەبوونی" دەقی قورئانی..................................16
سیٚ یەم: .....................................................17
ناكرێ قورئان سەرچاوەیەكی تەشریعی بیٚ..................................17
نەسر حامد ئەبوزێد 1943– 2010 .......................................18
سیكیوٚلاریزمی كوردی و چەمكی سیكیوٚلاریزمی ئیسلامی.........................21
+ڕۆژهەلاتنناسی و قورئانی پیرۆز......................................30
+ سیما و ئەدگاری خودا..............................................32
گەلٚ ئاییینەكانی تر ..................................................33
+بانگاشەكانی ڕەخنەگرانی قورئان.......................................36
یەكەم. وەحی نەبوونی دەقی قورئان.......................................37
دووەم. دروستی وەحیەكە ...............................................41
سێیەم . خەتەری قورئان ...............................................43
+سایكس–بیكۆی ناسیۆنالیستی كوردی .....................................45
سیكیولاریزمی كوردی و حزبی كوردی .....................................48
سیكیولاریزم و ئارێشەی زاراوە لە ڕۆژهەلاتدا...............................50
حزبی كوردی و ئەزمونی سیكۆلارزمی........................................54

+دامەزراندی حزبی شیوعی عێراقی ........................................ 56
لە سیکیولەری حیزبەوە بۆ سیکیولەری ڕۆشنبیرەوە ........................... 63
پرۆژە پێشنیازێك بۆ سەرۆكی هەرێم و خۆپیشاندەران ......................... 67
دەروازە ................................................................ 68
بۆچی سەرۆكی هەرێم ؟! .................................................. 70
پەرلەمان و دایەلۆگی بێزەنتی ........................................... 73
+بێ دەسەلآتی حكومەتی دەسەلآت ......................................... 74
+ نا بۆ ململانێ ی دوالیزمی دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆن ....................... 79
بەڵێ بۆ هێزی سێیەم! .................................................. 79
ئۆپۆزسیۆنی هەقیقی؟! ................................................... 81
كارەكانی ئۆپۆزسیۆن ..................................................... 82
+ ئەو پرسانەی رۆشنبیرانانی سیكیولەر قسەی لە سەر دەكەن .................. 85
یەكەم. جیاوازی ئایینەكان ............................................... 85
دووەم . مافی خودا و مافی مرۆڤ ......................................... 88
سێیەم . موعجیزە نەبوونی قورئان ........................................ 93
قورئان و ئەفسانە ....................................................... 95
نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و مێژوو و ئاییندا ................................ 99
مێژووی بێ بەڵگەی نەورۆز ............................................... 100
مێژووی بەڵگەداری نەورۆز ................................................ 102
ئایینی كورد و قورئان .................................................. 109
یەكەم . ژمارە .......................................................... 110
دووەم .ئەندازەی جیناتی مرۆڤ ............................................ 112
سێیەم .شەریعە .......................................................... 113
رۆژئاوا و زمانی كوردی .................................................. 115
كورتەی بابەتەكە ......................................................... 122

## دەروازە

ڕاپەرینی جەماوەریی و خۆپیشـاندانی سەرشـەقام دووئـەزمونی نـوێن لـە مێژووی سیاسی کوردستاندا, پێشتر لە ئەزموونی شۆرشی کوردستان نەك هـەر نـەبووە , بـەلکو هـەرگیز خـەڵکی کـورد دژ بـە دەسـەڵاتی کـورد ڕانەپەڕیون . ڕاپەرینی بەهاری 1991 ، وەڵامێکـی بێوێنـەی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان بـوو دژی دامودەزگـای ڕژێمـی عێراقـی . هەرچـەندە تەمـەنی ئـەو ڕاپەرینـە کـورت بـوو , بـەڵام ئاکـامی سـتراتیژی ڕاپـەرینـە دروسـتبوونی پەرلـەمان و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـوو !

خۆپیشـاندانی سەرشـەقام یەکـەم خۆپیشـاندانی بەشـێك لـە سـلێمانی و شارۆچـکەکانی بـوو دژی ئـەزموونی حـوکمڕانی ، حزبڕانـی کـورد. ئـەو خۆپیشاندانە چەندەها ( چوارچێوە ) و ( ڕاڤە ) و ( شرۆڤە ) ی لە سەر بنەمای حزبی و نا –حزبی بۆ دەکرێ . لەم پێودانگەوە ( ڕوئیاو پەیامی ) ئەو ئەزموونە نوێیەی گەنجی کورد, کە یەکەم هـەوڵ و پێکـۆلی کوردییـە دژی دەسەڵاتی کوردی, لێلـی یـەکی پێـوە دیـارە نـاکرێ بـە عەفەوییانـە ناسنامەیەکی جەماوەریی ,کوردستانی بە بەر د ا داڕێژین ! ! !بەڵام ئەوە گرنگە ئارێشەیەکی ترسناك هەیە, جا کە بەشێکی خۆرسکە و گوزارشت

له توڕەبوونی خەڵك دەكا و بەشەكەی تر بە ئاراستەیەك هەر لە هەناوی كار لە سەر هەڵوەشانەوەی خودی خۆپیشاندانەكە دەكات, ئەوە مەسەلەیەكی ترە. بۆچارەسەركردنی ئەو گرفتە چەندەها پێشنیاز خراونەتە ڕوو وەك " پرۆژە حەڤدەخاڵییەكەی پەرلەمان " " بیست و دوو خاڵییەكەی ئۆپۆزسیۆن " و " یازدە خاڵییەكەی سەرۆكی حكومەت—د.بەرهەم" و" پێنج خاڵییەكەی تاڵبانی "!!!

بە رای ئێمە ئەوانە هیچیان ناتوانن چارەسەری ئەو گرفتە بكەن, بۆیە ئەم پرۆژە پێشنیازەمان ئامادەكرد وەك بەرپرسیارەتێك بەرامبەر تاكەكانی نەتەوەكەم ودۆزە ڕەواكەی. بۆچی ئەمەم نووسیووە ؟؟ دەبێ بزانین كە دوو نەوەی لە یەك جیاواز لە باشووری كوردستان هەیە : نەوەی پێش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و نەوەی دووای ڕاپەڕین !! نەوەی پێش راپەرین زۆربەی ژیانی سیاسی لە شاخ بووە و بیركردنەوەی توند بووە.ئەوەی لە كتێبەكانی نەوشێروان و مەلا بەختیار و موحەمەد حاجی مەحموود و سەید كاكە.....لە سەر كوشتنی یەكتر كراوە ,مرۆڤ لە بەردەمی شەرمەزارە! هەرچی بەشێك لە نەوەی دوای راپەرینە , زەبر و زەنگی رژێمی بەعسی نە بینیوە . ئازادی لەوە دەبینێ , كە دژی رژێمی هەرێمی كوردستان بێ . ئەوەندە باسی ئازادی خۆپیشاندان دەكات وەك بڵێی ئازادی لە وڵاتە هەبووەكان ئەوەندە بەرقەرارە, مرۆڤ دەتوانێ لە بەرانبەر هەر شتێك خۆپیشاندان بكات؟؟ ئەگەر وابێ , ئەوا ئوسامە بن

لادن هەقی بە خۆی گروپەكەی دابوو , كە جیاوازی لە نێوان خەڵكی مەدەنی و عەسكەری نەكات؟!!خۆپیشاندانەكە هەق بێ یان نە , نووسەر نایەوێ جارێكی تر وەك شاخ شەڕی كوردكوژی دروست بێتەوە!! هەر لەم روانگەوە نامەیەك بۆ سەرۆكی هەرێم دەنووسین :

## بۆچی سەرۆكی هەرێم ؟!

نوسەری ئەم پرۆژەیە باوەڕی ڕەوای بەڕۆڵی فاكتەری دام ودەزگاو عەقڵی موئەسەسانی هەیە، هەر لەسەر ئەم بنەماو شەنگستە باوەڕمان وایە كە دەسەلاتی سەرۆكی هەرێم لەكێشەكانی كوردستاندا زۆر زیاترە لە دەسەلاتی پەرلەمان وحكومەت وحزب ,بۆیە هەر ئەو لەڕێگای دەستورەوە دەتوانێ ڕاستەوخۆ لەگەل نوێنەرانی خۆپیشاندەران دابنیشێ بەگوفتارو ڕەفتار چارەسەرێكی بنەڕەتی بۆ گرفتەكە دابنێت!

بۆچی چارەسەر لە حزب وپەرلەمان وحكومەت دەست ناكەوێ؟!

+حزب وەك فاكتەرێك بۆ شەقارو درزی زیاتر

حيزبی سيكيولەری كوردی ئـەوەی ئـەمرۆ لـە دەسـەڵاتە يـان دەرەوەی دەسەڵاتی هـەرێم , بەشـێك لـە نەهامەتيـە ئـابووری يـان هـزری بـە سـەر نەوەی كورد دادێت لە ئەستۆيە ! !هەرچەندە

مێـژووی حزبڕانـی كـورد ، مێژوێكـە لـە جيابوونـەوە, شـەڕی جـەماوەری وچـەكداری لەگـەڵ يـەكتر. پـاش ئـەوەی (هيـوا)و( ڕزگـاری) و بەشـێك لە(شۆڕش) ڕازی بوون بە پرۆژەكەی مەلا مستەفای بارزانی كە لە حزبێـك بـەناوی( پـارتی ديمـوكراتی كـورد) كۆببنـەوە بەشـێك لـەڕەوتی شـوعی كوردی بەو حزبە ڕازی نەبوون وچوونە ناو حزبی شوعی عێراقی ؟ حزبـی شوعی عێراقيش لەسەر بنەمای ماركسيزم قبولی دروست بـوونی (پـارتی) نەبوو , چونكە بەگوێرەی فەلسەفەی سياسی ماركسيزم نـابێ دوو حزبـی ماركسی– شوعی لەيەك وولاّتدا هەبن .

كێشـەی شـوعی وپـارتی لـەو قۆناغـە هـەتا كودەتـای يەكـەمی بەعسـی 1963بەردەوام بوو. كێشەی نێوان شوعی وپـارتی هێنـدە گـرنگ نـەبوو بەلاّم دوولەتبوونی پـارتی لەسـاڵی 1966 دەسـت پێكـی كارەسـات بـوو لەمێژووی حزبی كوردی وبزاڤی ڕزگاری خوازی كوردی! !

ئـەم ململانێـە حزبيـە لەمێـژووی سياسـی كورديـدا بـە چـەند شـێوازێكی چەكداری و كوشتن

دەرکـــەوتووە, بـــە تایبـــەتی لـــە ســـالانی :1966–1970،1970–1976،1974–1986, 1994–1996, 1996–2000 , 2003–2011!

بەو ململانێ مێژوویی و پڕ ڕقەوە, پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران, لەوساوە شەڕەکانی (شاخ) و(لق و مەڵبەندەکان) بە مودێرن و شاریی کران و دام ودەزگانی حکومەت کرانە گرد و شاخ! ! لە ئاکام حکومەت بووە حزب , حزبیش بووە حکومەت!

لەو ڕوانگەیەوە, هەروەك چۆن حزب لە شاخ نەیتوانی هیچ چارەیەکی بنەڕەتی بۆ کێشە و ئارێشەکان دابنێ, لە سەردەمی کۆمەڵگای کراوەی مۆدێرن و هەژموونی عەقلیەتی موئەسەساتی و شۆرشی سەر شەقام, حزب چونکە دۆگمای ئایدیۆلۆژیا ئاراستەی دەکات , هەر دێو و خێوی کۆنە و نەك هیچ چارەسەری پێ نییە ، بەڵکو کولاندنەوەی مێژوویێکی پڕ ململانێ و جیابوونەوەو یەکتر کوشتنە , هەروەها حزب هەر خۆیشی کێشەیە و خولقێنەری زۆربەی ئارێشەکانە!

بە کورتی بەو عەقڵیەت و ئایدیۆلۆژیا و پاشخانەوە حزب چارەسەری ئەو ئارێشەیەی پێ نییە!

## پەرلەمان و دایەلۆگی بێزەنتی

هەرچەندە لەم خولەی پەرلەماندا ، پەرلەمانتار ڕۆبۆت ئاسا بە سیگنەلێك دەست هەڵنابڕێ ، بەلاَم( دووشك بوون)ی پەرلەمانتاری دەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە بێ تام بووە ، لە بریتی ئەوەی خەڵك سود لە ململانێ ی ئەوان وەربگرێ ، ئەوە جگە لە زیاتر زیان گەیاندن بە مافەکان و ڕوئیا و جیهانبینی تاکی کورد هیچی تری لێنەکەوتۆتەوە . هیچ لا بە پرۆژەی یەکتر ڕازی نین : ئەوە ئەو قسەیەیە لە ڕاگەیاندنی هەردوولا دەبینین و بەر گوێمان دەکەوێ . نازانم پرۆژە هەیە لە زیانی خەڵك دابێ ؟! ئەی ئەو پەرلەمانتارانەی لە پەرلەمانن بۆ( ژیانی خەڵك )ن یان (زیانی خەڵك ) ؟

گفتوگۆکانی پەرلەمان دایە لۆگی بێزەنتین نەك دایە لێکتێکی ....ئەو قسە ڕووتانەش گیرفانی هیچ هەژارێکی ئەم میللەتە گەرم ناکەنەوە. مەسەلەکە لەوە دایە ئەو پەرلەمانتارانە هەموو حزبین و بە ئاوازی حزب دەجولێنەوە هەر بۆیە ئەوانەش وەك بلَێی نوێنەری حزبن نەك جەماوەر ، بۆیە نوێنەری حزب چارەسەری کێشەی هاولاَتیانی کوردستانی پێناکرێ!... خەڵك ڕەفتاری دەوێ نەك زیاتر گرفتار بێ بە شەڕەقسەی "نوێنەرانی" سەیرەکە لەوە دایە هەمووبەناو داکۆکی لە داخوازییەکانی

جەماوەر دەکەن !! کەچی کەسیان ( بـە هـەردوو تەرەفـەوە) نایانـەوێ وەك جـەماوەر بـژیین! لـەم ڕوانگـەوە ، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە پەرلـەمان هـەر قسـەی پێـدەکرێو هـیچ کـارێکی پێنـاکرێ و هـیچ پەرلەمانتارێکیش ئامادە نییە دەستبەرداری خێرو بێری پەرلـەمان بـێ ، ئیستیقالە بکات !!!

## +بێ دەسەڵاتی حکومەتی دەسەڵات

لـە سـاڵی 1992 وەوە حکومـەتی کـوردی دوو حکومەتییـە ، ئـەو دوو حکومەتە , نەك هـەر حزبـی نـەبووە بـەڵکو لـەزۆر بـاردا حکومـەتی دوو ناوچەییە بووە . هەر دەڵێی کۆپی ئەزمونی حکومەتە کوردییـەکانی نـاو قەڵەمرەوی میرینشینەکانی سەدەی نۆزدەهەم –ن ، حکومەتی هـەولێر ، حکومەتی سلێمانی !!

حکومەتەکـەی ئێسـتای د. بەرهـەم نـەك هـەر حکومـەتێکی یـەکگرتویی کوردستان نییە,بەڵکو دەسەڵاتی بە سەر تـەواوی مەملەکـەتی سـەوزیش نییـە.ئەمـەش پەیوەسـتە بـە پـەتای دیاردەی جیابوونـەوەی حزبیـی و هەژموونی حزبیی.لەم پێودانگەوە, دەکرێ بڵـێین ئـەوەی لـە کوردسـتان هەبووە و هەیە حزبڕانییە نەك حکومەتڕانی!

**له لایەکی تر,ئۆپۆزسیۆن نه متمانەی بەو حکومەته دا وه نه ئەو متمانەشی دووباره کردەوه!**

بـه ڕاسـتی کێشـەکه گـەوره بـووه , چـونکه تەمـەنی زۆره. مەترسـی هەنووکـەی زۆر ترسـناکتره , چـونکه لـه نێـوان ململانێـی حزبـەکانی دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆن خەریکه ( سایکس بیکۆیەکی ناوخۆیی) له باشور ژانێکـی تـر بـۆ کـورد زیـاد بکـات و تـەنها باشـور سـێجار دابـەش بکرێ: ئیسـتعماری ئینگلیـز و فەرەنسـی باشـوری لـه کوردسـتانی گـەوره جیاکردەوه, ئیستعماری عەرەبیش به پالپشتی ئەمریکا خەریکه بەشێکی دی لـه باشـور بـه نـاوی "ناوچـه جێناکۆکـەکان-disputed lands" جیادەکاتەوه !وێڕای ئەمـەش, ئـەوه ململانێـی هـەردوو دەڤـەری زەرد و کەسك خەریکـه هـەردوو میرنشـینی سـۆران و بابـان بـه کێشـەکانیانەوه زیندوودەکەنەوه !

ئۆپۆزسیۆنیش ئەوه خەریکه له بێ-دەنگـی حکومەتـدا, ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ خـۆی دەکاتـه " پـرۆژه"ی بـەر دەرگـای سـەره, ئەمـەش حالـّـەتێکی ترسـناکه , چـونکه زایەلـّـەی زەنگـی شـەڕی نـاوخۆی دەداتەوه....ئەمەش جگه له تیرۆرکردنی شۆرشـی سـەر شـەقام هیچـیتر نییه !

جا هەروەك چۆن پـرۆژەی پەرلـەمان نـەزۆك بـوو, پـرۆژەی حكومـەتیش خراپتر ,چونكە ئەوەی دوایی تەواو پەیوەستە بە دەسـەلاتەوە هـەروەها هەروەك چۆن پەرلەمان هەتا هەڕەشەی دەست لـە كاركێشـانەوەی نـەكا وەك كارتێكی هەڕەشە, هیچ وەزیرێكیش هەتا هەنكە ئامادەنییـە دەسـت لە كـار بكێشـێتەوە....ئەمـەش پەیوەسـتە بـە زهنیـەت و بیركردنـەوەی وەزیـری كـوردی!كێشـەكە هـەر بـەردەوام دەبـیَ و جـارێكی تـر , حزبـی كوردی زەنگی زەنگە زەنگـە بـۆ گیـانی تـاكی كـورد و نیشـتیمانی كـورد لێدەدەن!

جـا كـە پەرلەمـەنتار و وەزیـر ئامـادە نـەبن "ئیسـتیقالە" بكـەن, ئـەوە سـەرۆكی هـەرێم بـە زەبـری دەسـتوور دەتـوانیَ هـەردووكیان "ئیقالـە" بكات!!!هەرچەندە ئەوەی ڕوویـدا بەرانبـەر حیـزب و سـەرۆك جیـاواز بوو,بەلام ئەوەی روویدا , ڕووداوەكانی شاخ وە بیر توێژی رۆشـنبیرانەوە هێناوە!

هەرچەندە مەوداكانی نێوان دژەكان تـا دیَ فـراوانتر دەبـیَ,بـەلام هێشـتا نەگەیشتووینە قۆناغی ئیقالەكردن و دەرفـەتێكی لـە بـار مـاوە لـە نێـوان سەرۆك و خەلك, كە هەردوو لە ڕێگای دەنگدانی نهێنی و بەشێكی ناحزبی بوونەتە بەرپرسی یەكدی, لێـرەوە دەكـریَ دەسـتەیەك لـە ڕۆشـنبیران و زانایان ببنە سەرشاندی خەلك و لە گەل سەرۆك كۆببنەوە!

مەسەلەکە ناچارمان دەکات , کە لە پێکهاتەی دەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆن بکۆڵینەوە.

لە بەر ئەو خالأنەی خوارەوە , خۆپیشاندانەکە لە خۆپیشاندانێکی سەر شەقام , کە ئەزموونێکی نویێ بوو لە مێژووی نوێی کوردیدا ,بەرەو خۆپیشاندانێکی حیزبی چوو:

1. غیابی ناسنامە : خۆپیشاندانە لە ڕواڵەتدا نە کوردستانی , سیکیولەری ,ئیسلامی بوو! !

بە واتای نە هەردوو دەڤەرەکە بەشدار بوون , نە تایبەت بوو بە سیکیولەرەکانی باشووری کوردستان وە نە ئیسلامی تا هەر ئیسلامیەکانی کوردستان بەشدار بن .

2.ئەو تێکەلیەی دەڤەرێك کە لە مێژە کێشەی لە گەلّ دەڤەرەکەی تر هەیە...ئەمە وا دەکات کە تەفسیرێکی شاریی بە خۆپیشاندەکە بدەن...

3.جگە لە حیزبە ئیسلامیەکان , ئەوانەی سەرۆکایەتی خۆپیشانداکەیان دەکرد لە گەلّ ئەو حیزبەی لە ناوچەکە بالأدەست بوو, بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە زۆر شارگەرن هەردووك لە سەر چارەنووسی ئەو شارە پێکنایەن! !

4.خـۆم لــە تەلــەفزیۆنێكی ئۆپۆزسـیۆن وتم ,زۆربــەی ئەوانــەی لــە بــەر دەرگای سەرا كۆبونەوە ,پێویستیان تەنها بە 400 –500 هەزار دینارە كـە بـەراورد نـاكرێ بـەوەی ئەنـدام پەرلـەمان وەریـدەگرێ! ! بـا ئەنـدام پەرلەمانەكانی ئۆپۆزسـیۆن ئیسـتیقالە بكـەن! بـە ئیسـتیقالەكەیان هـەم ساغی خۆیان بۆ ئەو كەسانە دووپات دەكەنەوە هەم دربێكی كوشندە لـە دەسەلاَت دەدەن و حكومەت ناچار دەكەن ئیستیقالە بكات , كە ئەوەش داواكاری حیزبی ئۆپۆزسیۆن و خەلَكەكەی بەر دەرگای سەرایە ! !

5. لە دەڤەری زەرد هـیچ خۆپیشـاندانێك نەكرا؟؟لـە دەڤـەری سـەوز لـە حیزبە بالاَدەستەكەی زەرد درا؟؟

6. حیزبـە بالاَدەسـتەكەی دەڤـەری سـەوز بـە تونـد و تیـژی كۆتـایی بـە خۆپیشاندانەكە هێنا,دەبووایە هەرگیز بیری لەو ڕێگایە نـە كـرد بووایـە , چونكە بینای مرۆڤێك لە لای خـودا زۆر پـیرۆزە,.....دەسـەلاَتەكەی ئـەو شارە هەر چـۆن بێـت ناگاتـە دەسـەلاَتی قـەزافی لیبیـا ,سـالحی یەمـەن , بەشاری سوریا....چۆن ئەو خەلَكەی دەڤەرەكە بە كوژرانی ( دە كەس ) پایدۆزیان لە خۆپیشاندانەكە كرد؟؟؟

پاش ئەوەی نەخشەڕێگای من بۆ چارەسەری ململانێی نێوان دەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆن پەیڕەو نەكرا لە نێـوان هـەر دوو لاوە , بـە باشمـان زانـی لـە

پێناوی میللەت بیر لە ڕێگایەکی دی بکەینەوە , ناوی بنێین ڕێگای سێیەم !

+ نا بۆ ململانێ ی دوالیزمی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن

بەلێ بۆ هێزی سێیەم!

بەشێك لە دەسەلاتی کوردی بە عەقلیەتێك بیر دەکاتەوە , زۆر دوورە لە حکومەتکاری و نزیکە لە حیزبکاری سەردەمی شاخ نەك مۆدێرن و کۆمەلی مەدەنی . ئەگەر ئەوەی لە کتێبەکانی ( نەوشێروان مستەفا , موحەمەدی حاجی مەحموود , سەید کاکە , مەلا بەختیار, یادەواریەکانی جەمال مۆرتکە , پشکۆ نەجمەدین...............هتد ) ڕاست بن , کە دیارە زۆربەی ڕاستن , ئەوا حیزبایەتی شاخ , کە دەسەلاتی کوردی زۆر شانازی پێوە دەکات! ! هەر تاکی کورد کوشتن بووە! ! !هەر بۆ نموونە , موحەمەدی حاجی مەحموود لە ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك "دا زۆربەی زۆری لە کوردکوژیەکان خستۆتەڕوو , لە دوا دیدار ی لە گەلێ تەلە فزیۆنی نالیا :لە بەرنامەی مێژوو و ڕووداو لە گەل یەکتر دەلێت: ئەو ڕۆژەی هەردوو هێزی دەسەلاتدا ,خەریکی شەڕکردنی یەکتر بوون و چەندان پێشمەرگەیان لە یەکتر کوشت , ئێمە لە سۆشیالیست هەمان ڕۆژ لە شەڕ بووین لەگەلێ ڕژێم! ! "

لـه سـەردەمی حکومـەتی "هـەرێم "یـش , بەشـێك لـە هـەردوو هێـزی دەسـەڵاتدار لـە نـاو شـاریش لـە 1994 هـەتا 1998 شـەڕی یـەکتریان دەکرد ! !لە ماوەی تر , بە تایبەتی لە ناوچەی سەوز , ئەو پارەی زۆرەی لـە ڕێگـای 986 و گومرەگـەکان و پرۆژەکـانی حکومـەت بـە دەسـتیان دەگەیشـت زۆر بـە کـەمی خزمـەتی خـەڵکیان پێـدەکرد ! ئەوسا خـودی نەوشـێروان کەسـی یەکـەم بـوو لـە ناوچـەی سـەوز ! ! ئـەو دوو حیزبـەی دەسەڵات ئەو پاشخانەیان هەیە .

بێگومان بەشێك لە دڵسـۆزانی حکومـەتی هـەرێم , تـا رادەیـەك خزمـەتی تاکی کورد و کوردستانیان کردووە ! ! توانیانووە وڵات تا رادەیەك بەرەو پێشەوە ببەن ! !بەڵام گەندەڵکارانی نێو دەسەڵات , بەربەستن لە بەرانبەر پرۆژەکـانی حکومـەت ! پاشـان ئـەو جـۆرە کەسـانە , ئەگـەر لـە چـیا بـووبن ! ! ! زۆربـەی بـە نـان و ئـاوی گوندییـەکانی کوردسـتان خـەباتیان کردووە , ئەمڕۆ ئەو گوندییانە و خەڵکیدی پێوستیان بە خزمەتەکردنـە ! ! , نەك فەرامۆش بکرێن لە دایەرەکانی هەرێم !جا دەسەڵات شتی جـوان و کرێتی هەیە , نەك وەك ڕاگەیانکارانی حیزبی هـەر شـتە جوانـە ببینێـت , نەك وەك ئۆپۆزسیۆنیش هەر کرێتەکان بە جەماوەر پیشان بدات ! !

## ئۆپۆزسیۆنی هەقیقی؟!

لە ڕاستیدا سیكیولاریزم و ئیسلامی هەتا سەر ناتوانن پێكەوە بژین! چونكە هەر چ نەبێت لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە , پێكەوە ناتوانن هەل بكەن لە سەر جۆری پرۆژەكان.ئەوەتە بەرێز مامۆستا مەسعود عبدالخالق لە كتێبێكدا ئەو كارەستانەی بە سەر خودی كورد هاتوون , بە تایبەتی دوای هاتنە سەر حوكمی كەمالییەكان و دامەزراندی حكومەتی توركیا و دەولەتی عێراقدا , عەلمانییەت لەو مەینەتیانەی كورد بەرپرسیارە! بەشێك لە ئۆپۆزسیۆن , نەك هەر عەلمانیە و كار بۆ عەلمانییەت دەكەن هەروەها كۆمەڵگەش بە عەلمانی بكەن , بەلكوهیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە !كۆمەلێكن زۆربەی لە گەل یەكێتی نیشتیمانی كوردستان مێژوویێكیان درێژیان هەیە! ئەو گروپە سالانێك ناوچەی سەوزی لە ژێر دەستدا بووە!! هەرچی بە سەر كورد دادێت ئەوان لە بەشێكی بەرپرسن!!

هەرچی هەردوو حیزبەكانی ئیسلامی كوردستانن دەبێ چاك بزانن ئەو ئیسلامیانەی لە دەرەوەی بازنەی حیزبایەتین لەوان زیاتر نەبن , كەمتر نین! هەتا كەی ڕازی دەبن , كە ئیسلامی تەنیا 10_15 كورسیان لە پەرلەمانی كوردستان هەبێ ! ئەی مەسەلەی " بەهاری عەرەبی " , ئەی

زۆربەیان ئیسلامیی نیین؟ لـە زۆربـەی ئـەو وڵاتانـە , ئیسـلامیەكان نـیین حكومەت پێكدەهێنن ؟ ئایا سیكیولەرە توندڕەوەكـەی نـاو ئۆپۆزسـیۆن قــەبوڵی تــەیاری ئیســلامیەكانی نــاو ئۆپۆزســیۆن دەكــەن؟ یــان ئــەو هاوپەیمانیــەی نێوانیــان وەك فــازل بــەراكی صــەدامی وتویــەتی : هــەر هاوپەیمانی دژەكان نییە ! بە ڕاستی ئیسلامیەكانی ناو ئۆپۆزسیۆن دەبێ زۆر زیـاتر كـار بـۆ بـە ئیسـلامكردنی كۆمـەڵگا بكـەن , چـونكە گـۆڕینی "یەكێتی و پارتی " بە "گۆڕان " هیچ لە مەینەتیـەكانی كـورد ناگۆڕێـت ! كورد كێشـەی لـە گـەل یـەكیتی و پـارتی نییـە بـەلكو كێشـەیان لـە گـەل سیاسەتی چەوت و پڕ گەندەڵی یەكیتی و پارتی هەیە ! ! !

كاتێ یەككگرتوو بە مەدەنی و بزوتنەوەی ئیسـلامی بـە چـەك شـەڕیان لـە گەل حیزبێكی دەسـەڵاتی كـوردی دەكـرد , زۆربـەی دەسـەڵاتدارانی نـاو گۆڕان بەشێكی گرینگی ناو دەسەڵاتی یەكێتی یان پێكدەهێنا !

## كارەكانی ئۆپۆزسیۆن

هەیكــەڵی دروســتبوونی ئۆپۆزســیۆن ســەیرە ! ! كۆمــەڵ و یــەككگرتوو ئیسلامین و خاوەن باوەڕ و ئایدیۆلۆژی خۆیانن , كەچـی گـۆڕانن زۆربـەی پیاوانی یەكەمی ناو یەكێتی نیشتیمانیین و خاوەن بـاوەڕ و ئایـدۆلۆژیای ماركسین! ئەو گەندەڵیەی لە كوردستان هەیە, زۆربەی ناوچەی سلێمانی

گرتۆتەوە , كە 2009 زۆربەی ئەوانـەی گـۆڕان, ئەوسا پیـاوانی نزیكـی دەسەڵات بوون, یەكێتی بوون! !ئەو دووە , لە رووی ئایدۆژییـەوە تـەواو دژی هێزی سێیەمن! !هەر چ نەبیٚ ئـەوەی دوایـی سـیكیولەرن. جیـاوازی ئەوانە زوو دەركەوت , بەشێك لە ئەندام پەرلەمانانی دەسـەڵات و كـەمێك لــە پەرلــەمانتارانی گــۆڕان داوایــان كــردووە ,كــە ئــەو شــوقانەی لــیٚ نێشتەجێبوون لە سەریان تاپۆ بكرێت. كاری ئۆپۆزسیۆن هەر ئەوە نییە : ڕێگایەكی نا–قیرتاو و كۆلانێكی تەنگەبەر و خانوێكی كـەلاوە.....پیشـان بدات! بەڵكو كاری ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە: لە زمانی ڕەسمی حكومەت ئـاخۆ حكومەت زمانی ڕەسمی هەیە؟؟ ئاخۆ بـە ڕەسمـی ڕایگەیندووە؟ بۆچـی زمانی پەروەردە دوو زمانە,خۆ ئێمە و بادینان یەك نەتەوەین! ! ئەوەندە ڕەخنە لە عەرەبەكان دەگیریٚ ,ئایا ئەوان بە ئیسلامی و سـیكیولەر شـتی ئـەوهایان كـردووە؟؟ هـەرگیز بیریـان لـە زاری خۆیـان یـان ناوچـەكەیان كردۆتەوە هەتا منداڵەكانیان بـە زاری خـۆی بخـوێنیٚ! ! ئـەریٚ كـەس بـە موصلاوی ؟یان بەغدادیی ؟ بەسرایی دەخوێنیٚ هەتا ئێمە بە زاری خۆمان بخوێنین! بۆ دەبیٚ سرودی " ئەی رەقیب " , كە هەندیٚ دێری دژی ئـاین و بــاوەڕی زۆربــەی هــەرە زۆری خەڵكــە , لــە زۆربــەی كــۆنگرە و كۆبوونـەوەكان ئـەوها بـە ڕەواج بـیٚ ؟! بـۆ ئـەوان دۆسـتی كـوردن یـان دوژمــنی ؟! .ئــەو كەســانەی ڕەقیــب ی كــوردن كــێن؟؟ بۆچــی كــورد وەزارەتیان لە گەل پێكدێنیٚ! ئایا دەكریٚ ئەوانەی لە شاخ شەڕیان لە دژ

دەکـردووین , ئێسـتاش لـە حکومـەتی عیراقـی هـەر پێیـان بلـێین ئـەی ڕەقیـب!! یـان ئەوانـەی لـە گـەل دەسـەلات نـیین پێیـان بگـوترێ ئـەی ڕەقیـب!!زۆر گەنـدەڵیی تـری حیزبـەکانی دەسـەلات هەیـە , دەکـرا بـە تایبەتی حیزبە ئیسلامییەکانی ناو ئۆپۆزسیۆن کاریان بۆ بکردایە.

بـە راسـتی دروسـتبوونی هاوپـەیمانی دەسـەلات سـەیرە! ئەگـەر ئەوانـە دۆست نـەبن , دەبـێ دوژمـنی یـەکتر بـن! جـارێکی تـر وەك شەسـتەکان ونۆوەدەکان شەڕە پەڕۆ و کوردکوژی بەرانبەر یەکتری دەکەوە! ئـەوان ناتوانن دیموکراتی بن و لە دەرەوەی ئـەو هاوپەیمانیـە بـن خـودی یـەکتر قەبوڵ ناکەن!! با هەر هاوپەیمانی یەکتر بـەس کـوڕی کـورد بـە دەسـت حیزبی کوردی نە کوژرێت!!! پێکهاتەی ئۆپۆزیسیۆنیش بە جۆرێکـە لـە ماڵی جالجالۆکە لاوازتـرە! حیزبـی ئیسـلامی ئـەزموونی لـە گـەڵ حیزبـی سیکیولەر هەیە ! پێویست نەبوو ئەو هەڵەی کردیان دووبارەی بکەنەوە! ئەندام پەرلەمانێکی ئیسلامی پێی گوتم زۆربەی ئەوانەی ئیمزایان لە سەر وەرەقەی خوتبە لە یـەك مزگـەوت کردبـوو سـیکیولەرەکانی نـاو حیزبـی ئۆپۆزسیۆن بوون!! ئەوانەش لە ئاینـدە دەسـەلاتیان هـەبێ لـە هـەردوو حیزبی ئیسلامی جیا دەبنەوە!!

دەمەویَ ئەوە بلَیَم كە پیاوانی دەولَەت لە رۆژئاوا هەر لە ڕووی سیاسیەوە غـەدریان لـە كـورد نـەكردووە : ئـەدی هـەر ئـەوان بـە جۆریَك پالَپشـتی داگیركـەرانی كوردسـتانی گـەورەیان نـەكردووە ؟؟.هـەر ئـەوان جگـە لـە ڕیككەوتنامــەی ســایكس–بیكــۆ , ڕاســتەوخۆ دەوریــان لــە ســازدانی ڕیَككەوتننامەی سان ریمۆ , لۆزان و.......شۆرشـی ئـەیلول نـە بـووە بـۆ ئەوە دانەرشتووە بۆ ئەوەی چارەنووسی كورد هەر ژیَردەستەیی بـیَ؟؟ . جگە لەوانەی كە ئاماژەمان پیَكردووە , ئەدی كیَ بـوو حكومەتـەكانی, كە بە هەلَە پیَی دەگوتریَ حكومەتی شـیَخ مـەحمود, شـیَخ قـادری بـرای شیَخ مەحمود و ڕاپەرینەكانی بارزان و شۆرشـی شـیَخ سـەعیدی پـیران و شۆرشی ئاگری داغ.......لە ناو برد؟؟؟

من ئەوەندە باسی میَژوو ناكەم , ئەوەندەی ئاماژەیشم پیَكـردوون تـەنیا بۆ ئەوەم بووە , كە نەوەی نویَ ئاگاداری ئەو غەدرانە بیَ كە رۆژئـاوا لـە دۆزی كورد و كوردی وەك نەتەوەیەك كردووە ! !

ئیَستا زۆر مامۆستا ئاوا باسی دەولَەتانی ئەوروپا دەكات : بەوەی زمـانی كـوردی لـەو دەولَەتانـە ئـازادە و لـە قوتابخانەكانـدا دەخویَنـدریَت ! ! بـا بزانین ئەوەی لەو قوتابخانەنە دەخویَندریَت بە ڕاستی زمـانی كوردییـە ؟؟ نكۆلَی لەوە ناكریَ ئەوەی لەو دەولَەتانە بەرانبەر زمـانی كـوردی دەكـریَ بەراورد ناكریَ بە دەولَەتانی داگیركـەری كوردسـتان و خـودی دەسـەلاَتی

## کورتەی بابەتەکە

ئةم كتيَبة ضاوةرِيَ دةكرا سةد لة سةد ئاييني و هزري بووواية , بةلآم خودي بابةتةكان وةيليَكرد كة سةدا نؤوةتي ئاييني و هزري بيَ , سةدا دةيةكةى تر سياسي بيَ , نةك حيزبي ئيسلامي بيَ !

**ئاییني ڕەسمی کورد ئیسلامە ! کە دەنووسین ئاییني ڕەسمی یاخود فەرمی ئەو ئایینە نییە کە لە ناو چوارچێوەی هەر سێ دەسەڵاتەکەی پیاوانی سیکیولەری دەوڵەت بۆ خاپاندنی خەڵکی عەوام قسەی لە سەر دەکرێ! بە واتای دەنووسن ئاییني دەوڵەت ئیسلامیە , خۆشیان تەواو لە یاسا و ڕێساکانی ئیسلام دوورن! ئەگەر بە زمانی ژمارە قسە بکەین :کورد لە سەدا نۆوەتی 90٪**

